www.kurdistannet.org
4-2-2007 23:08 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## ڕەخنەیەک لەکەناڵە ئاسمانیەکانی کوردستان ... ئەندازیار نەریمان محمد گەڵاڵی



ئەوەی جێگەی ڕەخنەو تێبینیەکی زۆرە دیاردەیەکە کە لەم دواییەدا هەموو بینەرێک دەیبینێ و هەستی پێدەکاتئەویش ئەوەیە کە کەناڵە ئاسمانیەکانی کوردستان خۆیان هێناوەتە ئاستێکی نزم بە لاسایی کردنەوەی هەندێک لە کەناڵە عەرەبیە سووکەکان و ڕۆژانە بەشێوەیەکی بەردەوام سەدان (ئێس ئێم) ی
(Short Mesage Service = SMS)
بێسەروبەر و نارێک لە ژێرەوەی شاشەکانیان بڵاودەکەنەوە بەبێ ئەوەی هەست بە کەمترین لێپرسینەوەی بکەن بەرامبەر بە ڕێزمانی کوردی و هەستی بینەرو تەنانەت ئەوکەسانەش کە ئەو کورتە نامانە ڕەوانە دەکەن. چونکە هەروەکوو دەردەکەوێت زۆربەی هەرە زۆری ئەو نامانە لەلایەن هەندێک لە گەنج و هەرزەکارانەوە لە نەوەی نوێ ڕەوانە دەکرێن کە جگە لەوەی دەیان کێشەی سەرەکیان هەیەو پێویستی بە لاکردنەوەی زۆر جدی هەیە لە لایەن حوکمەتی هەرێمەوە، ڕۆشنبیریەکی کەم و لاوازیشان هەیە و بە هەندێک شتی وەکو مۆبایل هەڵخەڵەتاون کە بەداخەوە لە پێویستیەکی ژیانەوە بۆتە دیاردەیەکی نەرێنی زۆر خراپ، لەجیاتی ئەوەی ئەو تەلەفزیۆنانە لە نێو ئەرکی پیرۆزیاندا ڕۆڵی خۆیان ببینن و هەوڵ بدەن نەوەی نوێ لەسەر بناخەیەکی دروست پەروەردە بکەن کە هاوسەنگ بێت لەگەڵ دونیای نوێ، بوونەتە مایەی زیاتر سەرلێشێواندن و دەستخەڕۆکردنیان. چونکە هەرهیچ نەبێت هەر یەکێک لەوانە چەندان کاتژمێر لە کاتی خۆی تەرخان دەکات بۆ ناردن و بینینی پەخشی کورتە نامەکەی سەرەڕای ئەو پارەیەی کە وەکو ئەوەیە بیخاتە ناو تەنەکەی خۆڵەوە. من نازانم لە چ ڕوێکەوەو چ قازانج و بەرژەوەندیەک لەو مەسەلەدا هەیە جگە لەو زیانانەی باسم کردن. ئەگەر ئەو کارە لە بیرۆکەی پەیداکردنی ژمارەی زیاتری بینەرانەوە گەڵاڵە بووبێت و بۆ ئەوە بێت کە ئیتر بینەری کورد کەناڵە ئاسمانیە کوردیەکان وەلا نەنێت وەکوو ئێستا!، ئەوا بەو شێوەیە دەرەنجامی پێچەوانەمان دەستدەکەوێت و چارەسەری ئەمەش بە چالاکتر کردن و هەمەڕەنگکردنی بەرنامەکان و بەشداری زیاتری جەماوەرەوە دەبێت و دەکرێت کاری وەرگێڕانی فلیمی جۆراوجۆرو ڕێپۆرتاژی زانستی و ڕۆشنبیری گشتی بیانی بەتایبەتی ئەوروپی سوودی زۆری ببێت بەڵام ئەگەر مەسەلەکە پووڵی بێت واتە تەلەفزیۆنەکان بەشیان هەبێ لە بڕی ئەو پارەیەی کە کۆمپانیاکانی تیلیکۆم قازانجی دەکەن بەڕاستی ئەوە جگە لەوەی بازرگانی کردنە بە عەقلی بینەر، کارێکی بەد ڕەوشتی و دۆڕاندی پەیامی ڕاگەیاندنیشە کە کورد ئەمڕۆ لە هەموو ڕۆژێک زیاتر پێویستی پێی هەیە ئەگەر نا من لە بەڕێوەبەرانی ئەو سەتەلایتانە دەپرسم خەڵکی کورد چ کەڵکێک لەو ووشە و ڕستە لاسەنگ و بێمانایانە وەردەگرێت کە بڵاوی دەکەنەوەئایا چ لە زەمینەی ڕاستی و کێشە سەرەکیە کۆمەڵایەتیەکان دەگۆڕێت؟! یان ئێوە چۆن لە رووتان دێت و خۆتان و تەلەفزیۆنەکانتان دەهێننە ئەو ئاستەی کە بڵاویان بکەنەوە. باشە تەلەفزیۆنێکی وەکو سەتەلایتی کوردستان دەبێ لەبیری چووبێت کەئەو وەکو پێشەنگ و زمانحاڵ و پەیامبەری یەکێک لە گەورەترین حیزبەکانی کوردستانە و گەورەترین ئەرکی لەسەر شانە؟؟؟!، تا خۆی بکاتە دەستپێشخەر بۆ کاری وا ناشایستە!.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ئێستا کار گەیشتۆتە ئەوەی کە گەنجەکانمان لە سایەی کۆمپانیاکانی تێلکۆمەوە لە هەرێمی کوردستان نامە بۆ زۆربەی کەناڵە بازرگانیە سەخیفەکانی عەرەبی بنێرن بەتایبەتی ئەوانەی تەنها تایبەتن بە بادان وباسی بەخت و نووشتەو ئەستێرە ناسیەوە!

من لێرەوە پێشنیار دەکەم بۆ هەموو کەناڵە ئاسمانی و زەمینیەکان لە جیاتی بڵاوکردنەوەی ئەم شتە تروهاتانە دەکرێت بەهەمان شێوە بەڵام شتی بە سوودی وەکو پەندی کوردی، نوکتەو قسەی خۆش، ڕێنمایی لە کار و بەکارهێنان، ئامۆژگاری گشتی، زانیاری هەمەچەشنەی ڕۆشنبیری، شیعری بە پێزی شاعیرانی کۆن و نوێ، زانیاری تازەی زانست و هونەر، مەتەڵ و زۆر شتی تری بەسوود کە هەموو چین و توێژێکی کۆمەڵ لە دایک و باوکانەوە تا گەنج و منداڵان بگرێتەخۆ کە ئەوانە بێگومان دەبنە دروستکردنی بنەمایەکی ڕۆشنبیری و یەرمەتیدەر بۆ شتی تر کە لەئەنجامدا کۆمەڵگا بەرەو رووە ڕاستەکەی تەکان پێدەدات.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.